لە رووداوێکی هاتووچۆدا لەسەر ڕێگای خانەقین جەلەولا سێ کەس گیانیان لەدەستدا

بەهۆی رووداوێکی هاتووچۆوە لە نێوان خانەقین و جەلەولادا سێ کەس گیانیان لەدەستدا و کەسێکی دیکەش بریندار بوو.

ئەمڕۆ چوارشەممە ٣٠ـی نیسانی ٢٠٢٥، لە رووداوێکی هاتووچۆدا لە نێوان خانەقین و جەلەولادا سێ کەس گیانیان لەدەستدا و بەپێی زانیارییەکان دوو پیاو و ژنێک بوون.

هەروەها، رووداوەکە لەنێوان بارهەڵگرێکی جۆری تانکەر و دوو ئۆتۆمبێلی تایبەت رووی دا و بەگوێرەی زانیارییەکان ئێوانێی لە رووداوەکەدا گیانیان لەدەستدا دوو پیاو و ژنێک بوون.